# دەسەڵاتو دانپیانان

د.ڕەوشت ڕەشید

-1-

هەموو دەسەڵاتێك پێویستی بەشاردنەوەی هەندێ ڕاستی هەیە, ئەو ڕاستیانەی کە بەمانایەك لەماناکان ئاشکرابوونیان جۆرێك لەهەڕەشە بۆ سەر ئەو دەسەڵاتە دروست دەکەنو, دەیخەنە دۆخی ڕووت بوونەوە لەبەرامبەر میدیاو ڕەخنەدا. زۆربەی دەسەڵاتەکان, وەك بەشێك لەستراتیژو ستراکتۆری ئیشکردنو مانەوە, پێویستیان بە نەدرکاندنی کۆمەڵێك نهێنی هەیە. بۆیە هەمیشە دەسەڵاتەکان لەگەڵ شەفافیەتدا ناتەباو ناکۆکن.

بەڵام لەتەك ئەمەشدا, مێژوو یان گۆڕانو ڕووداوە خێراو بەرفراوانەکانی سەردەم هەمیشە ئەوە بەسەر دەسەڵاتەکان فەرز دەکەن کەهەندێ لەڕاستیەکان بدرکێننو, دان بنێن بەهەندێ لەحەقیقەتەکان.

دەسەڵاتو مێژووی ئەڵمانی کەڕۆژێ لەڕۆژان شانازی بەکەسایەتیەکی وەکو هیتلەرەوە دەکردو, بەسیمبوڵی ئازایەتی و لێهاتویی ڕەگەزی ئەڵمانی و ئاری دادەنا, دوای دواتر دان بەوە دەنێت کە هیتلەر گەورەترین دیکتاتۆری دونیا بووەو, بەڕاشکاوی و بێ شەرمکردن داوای لێبوردن دەکات لەوەی کەکۆمەڵگاو مێژووی ئەڵمانی مرۆڤێکی وەك هیتلەری بەرهەمهێناوە.

مارکسیستەکان کەڕۆژێ لەڕۆژان ستالینیان بەسیمبوڵی خەباتی کرێکارو شۆڕشی چەوساوەو پرۆلیتاریایی دادەنا, ئەمڕۆ زۆر بەڕاشکاوی دان بەوە دەنێن کەستالین یەکێك لەستەمکارە گەورەکانی دونیا بووەو, سڵ ناکەنەوە لەباسکردنی تاوانو گوناهەکانی. ئەمریکا کەدەمێکە شەڕی خۆی لەگەڵ تیرۆردا ڕاگەیاندووەو پێیوایە کەدەبێ تیرۆریستان دەستگیر بکرێنو بەتوندترین شێوە سزا بدرێن, لەبەرامبەر ڕووداوێکدا کەپێویستە دان بەهەندێ ڕاستی بنێ, بەئاشکراو بەبێ هیچ شەرمکردنێك دان بەوە دەنێت کە لەبەندیخانەکانی ئەودا پێشێلی مافی مرۆڤ کراوەو, ئەوە ئاشکرا دەکات کە هەندێ لەئەفسەرو بەرپرسانی سوپایی بەشێوەیەکی نایاسایی مامەڵەیان لەگەڵ بەندییە تیرۆریستەکان کردووەو, دەبێ سزا بدرێن. هەروەها داوای لێبوردن لەچاودێرانی مافی مرۆڤو ڕای گشتی جیهانی دەکات لەئاست ڕووداوێکی وەهادا.

هەموو ئەو نمونانە ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێن کەمێژوو زۆرجار ئەوە دەسەپێنێ کەدەسەڵاتەکان دان بەگوناهو تاوانەکانی دوێنێیان بنێنو بەجۆرێك لەجۆرەکان شەفافیەت لەبەرامبەر کۆمەڵگاو ڕای گشتیو میدیاکان بنوێنن.

-2-

ئایا دەسەڵاتی سیاسی کوردی لەکوێی ئەو دانپیانانو ئاشکراکردنە گرنگانەیە کەهەم کۆمەڵگاو هەم مێژووی کوردیش پێویستیەتی؟ زۆر بەداخەوە ویژدانی تاكو, ویژدانی کۆو, دواتریش ویژدانی دەسەڵات لای کورد تاساتی ئێستا ئامادەگی دانپیانانی تێدا یەکجار لاوازە. دەسەڵاتی کوردی ئەوەندەی پێی کرابێت خۆی لەو دانپیانانە شاردۆتەوە کەهەندێ جار پێویستە کۆمەڵگاو جەماوەر, بیانبیستێت.

دەسەڵاتی سیاسی کوردیو ڕاگەیاندنی کوردی "کەیەکێك لەپاشکۆکانیەتی", ساڵانێکی دوورو درێژە لەناو کۆمەڵێك وەهمی ناسیونالیستیانە دەژیو بەردەوام دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کەکۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگای فریشتەو پاکیزەو مرۆڤە باڵاکانەو, کورد هیچ پەیوەندیەکی بەدزێویو فێڵو توندوتیژیو تیرۆرەوە نییەو, هەمیشە ناشیرینیەکان دەداتە پاڵ (بەرامبەر)و, دوژمنان دەکاتە بەرپرسی یەکەمو کۆتایی نەهامەتیو ناتەباییەکانی ناو ژیانو گوزەرانی کورد.

نەتاكو نەکۆمەڵگاو نەدەسەڵاتی سیاسی ئێمە تائێستا ڕۆژێك نەهاتووە باس لەگەندەڵیو گوناهو کەمو کوڕیەکانی خۆی بکاتو دان بەناکۆکیو تاوانەکانی مێژووی نەتەوەیی خۆی بنێت.

کۆمەڵگای کوردیو ئەو بارودۆخەی تاکی کوردی تێیدا پەروەردە دەبێت, لەبەر زیاتر لەهۆیەك بەرهەمهێنەری تیرۆرو توندوتیژیە. مێژووی دوورو درێژی پڕ لەشەڕو کوشتارو تاوانکاری کوردی لەمیرنشینە کوردییەکانەوە بگرە تا بەشەڕی ناوخۆی هێزە سیاسیە کوردییەکان تەواو دەبێت, چیرۆکی پڕ لەخوێنو تاوانی خێڵو هۆزو بەرەبابە کوردییەکان, ئامادەگی مەبدەئی چەكو کوشتن لەنێو کێشەو رووداوە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان, دواتریش ئامادەگی توندی ئایینو دابو نەریتو ترادسیۆنەکان, هەموو ئەوانە پێماندەڵێن کەمێژووی ئێمە لێوانلێوە لەکوشتنو تاوانو خوێنو, کۆمەڵگای ئێمە شیاوترین کۆمەڵگای بەرهەمهێنانی تیرۆرو توندوتیژییە, ئەگەر تیرۆر لەناو کۆمەڵگایەکی ئاوەهادا لەدایك نەبێ لەکوێ لەدایکدەبێ؟

ماوەیەکی دوورودرێژە بزووتنەوەو گرووپە ئیسلامیە توندڕەوەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو چالاکی سیاسیو عەسکەری خۆیان لەکوردستاندا بەڕێوەدەبەنو, بەئاشکراو بەبەرچاوی دەسەڵاتی سیاسی کوردییەوە تەحریمو تەکفیری خەڵكو تەنانەت دەسەڵاتیش دەکەن. ئەو گرووپو بزووتنەوانەی کە لەئەفغانستانو یەمەنو سعودیە یاساغو قەدەغەن, لەکوردستاندا ئیجازەی حکومەتیان هەیەو زۆرجار لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارە کوردییەکان پاڵپشتی ماددیو مەعنەویان لێدەکرێت.. کەچی دەسەڵاتی سیاسیو راگەیاندنەکانی بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دەپرسن "چۆن تیرۆر لەناو کۆمەڵگای ئێمە روودەداتو, پێیان عەجایبە کەگرووپێکی توندڕەویوەك گرووپی شێخ زانا لەکوردستان دروست بوو؟!". کەسێك چاو بەمێژووی کوردیو ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی کورد دابخشێنێت, تێدەگا کەتیرۆر لەناو هەناوی ئێمەو لەناو ژیانو مێژووی ئێمەدا سەرچاوەی گرتووە, کەچی لەتەك هەموو ئەو راستیانەدا, دەسەڵاتی کوردیو راگەیاندنو, مەلاو شێخو سیاسەتمەدارە کوردییەکان بەردەوام خەریکی سەلماندنی ئەووەهمەن کە "کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ناکۆکە لەگەڵ تیرۆرو, کوشتنو توندوتیژی نامۆنو بەئەخلاقوواقیعی کۆمەڵگاو مێژووی کوردی".

-3-

نائامادەگی دانپیانان لای دەسەڵاتو کۆمەڵگای کوردی لەدوو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ:

یەکەمیان: تائێستاش دەسەڵاتو کۆمەڵگای کوردی گیرۆدەی کۆمەڵێك گرێووەهمی ناسیونالیزمیانەیەو بەهیچ شێوەیەك نایەوێت لەووەهمانە دەربازی بێت. ناسیونالیزمی کوردی نایەوێت رووبەڕووی ئاشکرابوونی کۆمەڵێكوەهم ببێتەوە کەوەهمی ناواقیعیو نالۆژیکینو, دەرباز بوون لێیان دەرباز بوونە لەنارسیزمێك کەتاسەر ئێسقان ناتەندروستو زەرەر بەخشە.

زۆربەی نەتەوە ژێر دەستو چەوساوەکان, لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی خەباتیان لەپێناو مانەوەو بەرگری تووشی ئەم خۆخۆشەویستیو ئەم نارسیزمە دەبن. بەڵام درێژبوونەوەی ئەم حاڵەتە بۆ قۆناغەکانی دوای رزگاریو, پەڕینەوەی ئەم نارسیزمە بۆ ناو سەرجەم کایەکانی سیاسەتو رۆشنبیریو رەخنە, حاڵەتێکی نائاساییەو, داخرانو فەوزای گەورە دروست دەکات. ئەوەی کە پێمانوایە کورد پاکترینو جوانترین نەتەوەی سەر زەویەو, ئاوو هەوای کوردستان پاکترینو سازگارترین ئاوو هەوای گەردوونەو, ئافرەتی کورد جوانترینو بەشەرەفترین ئافرەتی دونیایەو, پیاوی کورد ئازاترینو جوامێرترینو زیرەکترین نمونەی پیاوە لەسە رووی زەویو, سەرکردەو سیاسەتمەدارو رێبەرانی کوردوەفادارترینو بەهەڵوێست ترین سەرکردەنو خاڵین لەگوناهو خیانەتو دوو روویی و, هونەرو ئەدەبیاتی کوردی نمونەی بەرزی داهێنانی جیهانینو ئەوەی هەیە رەسەنەو دووژمنو دراوسێکانمان بەردەوام هونەرو مۆسیقاو داهێنانەکانمان دەدزنو لاسایی بەهرەو کولتووری ئێمە دەکەنەوەو, کۆمەڵگای کوردیش, کۆمەڵگایەکی پاكو هێورو دوورە تیرۆرو توندوتیژییەو, هەرچی موسیبەتو ناشیرینی هەیە هەمووی لەدەرەوە را رووی کردۆتە کۆمەڵگاو ژیانی ئێمە.

هەموو ئەمانە نمونەی بەرچاوی نارسیزمی نەتەوەیی و ئەو نەخۆشیە کوشندەیەیە کەعەقڵیەتو ژیانی کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێ. ئیدی ئەم حاڵەتەوایکردووە دەسەڵاتیش ئەووەهمە عاتیفیانە بکاتە بەرنامەی کارو

دروشمی راگەیاندن‌و، بەردەوام‌وەکو پاساو لەبەرامبەر ناشیرینیەکانی کۆمەڵگاو کەموکوڕیەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت‌و، نەتوانێت دان بنێت بەو ناشیرینی‌و ناتەباییانەی کەبەڕاستی لەناو مێژووی ئێمەدا ئامادەن‌و بەشێکن لەبونیادو کارەکتەری کۆمەڵگای ئێمەو، لەزۆر باردا پەیوەندی بەدەرەوەو داگیرکەرەوە نییە ئەوەندەی پەیوەندی بەخودی کۆمەڵگاو ژیانی کوردییەوە هەیە.

-4-

هۆی دووەمی نائامادەگی دانپیانان لای دەسەڵاتی کوردی، ترسی دەسەڵاتە لەئاشکرابوونی ئەو راستییەی کەخودی دەسەڵات بەمانایەك لەماناکان بەرهەمهێن‌و زەمینە خۆشکەری بەشێك لەو ناشیرینی‌و فەوزاو توندوتیژیەن کە لەکۆمەڵگاو ژیانی کوردیدا ئامادەن. واتە ترسی دەسەڵات لەئاشکرابوونی گوناهەکانی.

بۆ نموونە، کاتێك دەسەڵات‌و میدیاکانی دان بەو راستییە دەنێن کەمیرنشینە کوردییەکان لەگەڵ یەکتری ناکۆك‌و ناتەبا بووینەو، هەمیشە خەریکی کوشتن‌و تاڵانکردنی یەکتری بووینەو، بۆ بێهێزکردن‌و لەناوبردنی دەسەڵاتی یەکتری ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەبووە کەدەست لەگەڵ عوسمانی‌و سەفەوی‌و دوژمنانی کورد تێکەڵ بکەن‌و دونیایەك خیانەت قەبووڵ بکەن، کاتێك دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆ ئەو ئیعتیرافە دەکات، بێگومان ترسێکی قوڵ لای ئەو دەسەڵاتە دروست دەبێ لەوەی کە ئەم دانپیانانە بەشێك لەکوشتارو خیانەتەکانی ئەو دەسەڵاتەش‌وەبیر خەڵك بێنێتەوە، چونکە دوور نییە دوای ئەم دانپیانانەی دەسەڵات، رەخنەگرێك یان نووسەرێك بڵێت: "ئەی خۆشتان لەشەڕەکانی ناوخۆی دوێنێدا هەمان بەزمتان نەکرد؟ ئەی ئێوەش لەدژی یەکتری‌و بۆ نەهێشتن‌و بێهێزکردنی یەکتری دەستتان لەگەڵ تورك‌و فارس‌و عەرەب تێکەڵ نەکردو، دوژمنتان نەکرد بەخاوەن ماڵ‌و یەکتریتان لەماڵ دەرنەکرد؟ ئەی ئێوەش دووبارە بوونەوەیەکی ناشیرینی مێژووی پڕ لەکوشتارو شەرمەزاریی دوێنێیی میرنیشنە کوردییەکان نین؟!".

یان ئەگەر دەسەڵاتی کوردی جورئەت بکات‌و بڵێت: کۆمەڵگای ئێمەش تیرۆرو توندوتیژی لێدەوەشێتەوەو بگرە بەشێکە لەمێژووی پڕ لەکوشتن‌و توندوتیژی ئێمە، یان ئەو راستییە باس بکات کە گەنجی ئێمە خەریکەوەك فیدائیە عەرەبەکان‌وەك گەنجە چەواشەکراوەکانی یەمەن‌و خەلیج دەخزێنە ناو تیرۆرو بەشێکی زۆری تەقینەوەو کوشتن‌و کارە تیرۆریستییەکانی کوردستان بەپلان‌و دەست‌و بازووی کورد خۆی بووەو، بەشێکی گەورەی تیرۆریستەکان لەناو کۆمەڵگای ئێمەو کەشوهەوای سیاسی ئێمە لەدایکبوون، ئەگەر دەسەڵات ئەم راستیەی درکاند، دوورنییە چەندین کەس وەڵام بدەنەوەو بڵێن:

ئەمە هەمووی راستە، بەڵام ئێوە زەمینە خۆشکەری یەکەمی ئەم بارودۆخە بوون، ئێوە بوون رێگەتاندا مزگەوتەکان بکرێن بە بارەگای حیزبە ئیسلامییەکان‌و، لەجیاتی خواوەندو عیبادەت باسی جیهادو تەکفیری تیا بکرێت. ئێوە بوون لەدژی هێزە سیاسییە نەیارەکانتان ئەو هێزە توندڕەوانەتان بەهێز کردن‌و پڕ چەك‌و ئازووقەتان کردن‌و شەرعیەتتان پێدان. بەشێکی زۆری ئەو تیرۆریستانە لەناو هەناوی ئێوەو لەژێر سێبەری ئێوە لەدایکبوون. بەشێکی زۆری ئەو تیرۆریستانە (موعتەمەدی) ئێوەو (پیاوی باوەڕ پێکراوی) ئێوە بوون. یەکێك لەپیاوکوژو تیرۆریستە هەرە ترسناکەکانی تۆڕەکەی شێخ لەناو دەزگای ئاسایشی ئێوە کاری دەکردو جێگەی حورمەت‌و باوەڕی ئێوە بوو. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە ئاسایشی چاوکراوەو هوشیاری ئێوەیە کە نەیتوانیوە گرووپێکی تیرۆریستی گەورە ئاشکرا بکات، کە نزیکەی (7) ساڵە بە کەماڵی سەڵتەنەت چالاکییەکانی خۆی دەکات‌و کێی حەز لێبێت دەیکوژێ‌و، لەکوێ حەز بکات خانوو دەگرێت‌و، دواجار، قەزاو قەدەرو چاونەترسی منداڵێك، تەنها یەك منداڵ ئاشکرایان دەکات.

ئەم راستییە تاڵانەو، ئەم‌وەڵامە شێرپەنجەییانە وادەکات کە دەسەڵات‌و راگەیاندنی سەر بەدەسەڵات خۆی لەدانپیانان نزیك نەکاتەوەو هەمیشە لەناو کۆمەڵێ وەهم‌و رستەی سواودا بژی وەك ئەوەی: تیرۆرو توندو تیژی

لەدەرەوە هاتوون‌و پەیوەندییان بەکوردەوە نییەو، کوردستان لەسایەی ئاسایش‌و وەزارەتی ناوخۆ هێمن‌و ئارامە.

-5-

هەزارەی سێیەم هەزارەی هەرەسهێنانی حیکایەت‌و دروشمە گەورەکانە، هەزارەی لاواز بوونی دەسەڵاتی سەراپاگیرو گشتگیری ئایینێك یان رەوتێکی فیکری یان سیاسی یان ترادسیۆنێکی کۆمەڵایەتییە. هەزارەی سێیەم هەزارەی ئاشکرا بوونی حەقیقەتەکان‌و، هەزارەی خەمە ئینسانیەکانە.

چیدی یاسا یان رای گشتی ئامادە نییە بەبیانووی ناسیونالیزم‌و ئایدۆلۆژیاو ئایینەوە چاو لەتاوان‌و گوناهە گەورەکان بپۆشێ. چیدی‌وەهمە گەورەکان ناتوانن چاوی مرۆڤی نێو ئەم هەزارەیە بپۆشن، کە مرۆڤێکە بەشۆڕشێکی گەورەی زانیاری‌و راگەیاندن گەمارۆ دراوە. لەلایەکی دیکەشەوە شاردنەوەی راستییەکان لەم سەردەمی جیهانگیریی‌و بچوك بوونەوەی دونیاو پەیوەندی خێراو راگەیاندنی چالاکدا شتێکی ئاستەمەو، ئەگەر بشبێ ئەوا بێگومان تەمەن کورتە.

بۆیە ژیان لەناو ئەووەهمە گەورانەو، شاردنەوەی حەقیقەتەکان‌و، خۆدزینەوە لەدانپیانان بەناشیرینیەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتیش بەبیانوی عاتیفەی نەتەوەیی‌و خۆخۆشەویستی، چیدی خزمەتی ئەزموونی کوردی‌و مێژووی کورد ناکات. دەبێ دەسەڵات‌و راگەیاندنی کوردی دانبنێت بەوەی کە بەڵێ ئێمەش بەشێکین لەو سەرزەمینەو، وەکو هەروڵات‌و نەتەوەیەکی دیکە، بگرە زیاتریش، گەندەڵی‌و توندوتیژی‌و تیرۆرمان لەناو دایەو، تاکی کوردیش‌وەك هەر تاکێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ئامادەگی تیرۆرو تاوانی تێدا یەکجار بەهێزە.

کاتی ئەوە هاتووە راگەیاندنی سەر بەدەسەڵاتیش شەفافیانەتر مامەڵە لەگەڵ رووداوو مەسەلە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بکات. چیدی باوی شاردنەوەی هەواڵ یان چەواشەکردنی حەقیقەتی رووداوێك نەماوە. ئەوەی تۆ لەشاشەو تەلەڤزیۆنەکەی خۆتدا دەیشاریتەوە، خەڵك لەشاشەی نەیارەکەت بەتێرو تەسەلی دەیبینێت. ئەوەی تۆ لەرۆژنامەو سەتەلایت‌و میدیاکانی خۆت باسی ناکەیت، کۆمەڵگا بەوردەکاری‌و بەدواداچوونی دوورودرێژەوە لەرۆژنامەو تۆڕەکانی ئینتەرنێت‌و رێگاکانی دیکەی راگەیاندن دەیبینێت. بۆیە گوناهو برین‌و ناشیرینیەکانی خۆمان پیشانی خۆمان‌و هاوولاتیانی خۆمان بدەین باشترە. دانپیانان بە ناکۆکی‌و ناتەباییەکانی ناو کۆمەڵگاو مێژووی خۆمان، بەکەموکوڕی‌و کەمتەرخەمییەکانی ئاسایش‌و حکومەت‌و دەزگاکانی بەڕێوەبردن‌و خزمەتگوزاری، زیاتر خزمەتی ژیارو ئەزموونی کوردیمان دەکات، زیاتر لەئاست هەڕەشەو پلانەکانی تیرۆرو دوژمنان بەهێزو هوشیارمان دەکات، نەوەك خۆشاردنەوەو باوەڕ کردن بەکۆمەڵێك‌وەهم‌و گرێی نارسیستیانە.